فراکسیۆنی تەقەدوم: هیچ کاندیدێکمان بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان دیاری نەکردووە

شەعلان کەریم،سەرۆکی فراکسیۆنی تەقەدومی نوێنەرایەتی رایگەیاند، تا ئێستا هیچ کاندیدێکی بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان پێشکەش نەکردووە.

کەریم لە لێدوانێکی بۆ ئاژانسی (موتەبەع)" ڕایگەیاند " ئێندامانی فراکسیۆنی تەقەدومی نوێنەرایەتی ئامادەی دانیشتنێکی سبەینێ دەبن، کە بڕگەی هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان لەخۆ دەگرێت و بایکۆتی ناکەین."

وتیشی " تا ئێستا فراکسیۆنی تەقەدوم هیچ کاندیدێکی بۆ پۆستەکە پێشکەش نەکردووە".

ئاماژەی بۆوکرد "کاندید لە فراکسیۆنی دیکە هەیە."

چاوەڕوان دەکرێت سبەینێ چوارشەممە پەرلەمان دانیشتنی نائاسایی خۆی ئەنجام بدات، کە هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێی بۆ پەرلەمان لە خۆدەگریت،